سوپای عێراق بنکەی سەربازی لە سنووری تورکیا لەسەر هێلی سفر جێگیر دەکات



ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، وەعد قەدو پشتڕاستی کردەوە کە لە ماوەی داهاتوودا لەکتگەیشتن دەبێت لەگەڵ لایەنی تورکیادا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنوور و ڕاگریکردن لە هەرشەکانی تورکیا.

قەدو بە میدیاکانی وت: "عێراق جدیی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنووریکانی لەگەڵ تورکیا"، جەختیشی کردەوە لە "هەوڵی عێراق بە دروستکردنی بنکەی لەسەر هێڵی سفر لەگەڵ تورکیا"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "دووری ئەندامانی پەکەکە لە سنووری تورکیا لە بەرژەوەندی عێراقدایە و دەبێتە هۆی پێشێل نەکردنی خاکەکەی"، ئاماژەشی بەوەدا کە "گەیشتن بە هەر ڕێککەوتنێکی ئەمنی پێویستی بە دانوستان و لەکتگەیشتن و گەرەنتی هەبیت وەک ئەوەی لەگەڵ ئێراندا ڕوویدا".

لە ئێستادا سوپای تورکیا ئێپەراسیۆنێکی سەربازی لە هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان دژی پەکەکە و هەسەدە ئەنجام دەدات، هێرشەکانی تورکیا هەمیشە ئەو ناوچانە دەکەنە ئامانج کە دەیان هاوڵاتی مەدەنی تێیدا دەبێتە قوربانی.